# چاوبرکێی نێوان تیشك تیڤی و پانێرانیستەکان

ئەیوب ئەیوب زادە



دەستپێڕاگەیشتنی بزوتنەوەی کورد بە چەند کاناڵی ئاسمانی بە مانای وەچەرخانێکی گرینگ بوو بۆ کوردی ئەم سەردەمە. ئەگەر لە رابردوودا ئەو کەرەستەیە تەنیا لە پاوانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا بوو، بۆ ئاسیمیلە کردنی کورد و نکۆڵی کردن لە بوون و مەوجوودییەتی، بە تەیار بوونی کورد و بزوتنەوەکەی بەو تێکنیکە دەرەتانێکی گەورەی بۆ رەخسا بۆ ناساندنی دۆزی خەباتە رەواکەی. باکووری کوردستان یەکەم پارچەی کوردستان بوو توانی بۆ یەکەمجار ئەم دەسپێشخەرییە بگەرێتە ئەستۆ. ئەم بڕیارە، رووداوێکی بچووك و کەم نەبوو. بۆ نەتەوەیەکی بێدەوڵەتی وەک کورد نە تەنیا دامەزراندنی کاناڵێکی ئاسمانی، بەڵکوو تەنانەت بیرۆکەی هێنانە گۆڕیشی، رێنێسانێکی مەزن بوو. بۆ بزوتنەوەی کورد کارێکی چەتوون بوو چیتر بتوانێ تەنیا بە پشتبەستن بە رۆژنامە و شەپۆلی سنوورداری ئیستگەکانی رادیۆیی، دەنگی خۆی لە چیاکانی کوردستانەوە بە گوێی بیروڕای گشتی بگەیەنێ و لەحاند سیاسەتی توانەوەی کورد بەربەرەکانی بکا.

لەدوای رچەشکێنیی کوردەکانی باکوور، باشووری کوردستانیش توانی ببێتە خاوەنی چەند کاناڵی ئاسمانی. چەند ساڵ دوای باشووری کوردستان، ساڵی رابردوو رۆژهەڵاتی کوردستانیش لە دایکبوونی کرانەوەی دوو تەلەفزیۆنی (رۆژهەڵاتی تیڤی و تیشك تیڤی)ی بەخۆوە بینی. تیشك تیڤی دەنگ و رەنگ و زمانی حاڵی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانە. ئەو حیزبە لەگەڵ ئەوەی بەتەمەنترین حیزبی سیاسیی کوردە، (هەروەك مەسەلەی گۆڕینی دروشمی ستراتیژییەکەی)، درەنگتر لە هەموو رێکخراوەکانی تر توانی بیر لە دامەزراندنی دەزگایەکی وا بکاتەوە. لە دوای پێوانی قۆناخی تاقیکرنەوە و دەستبەکاربوونی بەرنامەکانی ئاسایی، بەرنامەکانی تیشك بە دوو زمانی کوردی و فارسی بڵاو دەبێتەوە. کاتێك وەك بینەرێك لە نێوەرۆکی بەرنامەکانی بەشی کوردی و بەشی فارسیی ئەم مێدیایە ورد دەبیەوە، یەکەم مەسەلەیەك کە سەرنجی مرۆڤ بۆ لای خۆی رادەکێشی بوونی لێکنەچوون و فەرق و جیاوازییەکانی گەورەیە لەنێوان خەت و نێوەرۆکی سیاسیی بەرنامەکانی ئەم دوو بەشە.

گیان و رووحی بەهێزی ئێرانچێتی، هەڵبەت لە چەشنی پانئیرانیستییەکەی، دیفاعکردن لە تەواوەتیی ئەرزی و بەپیرۆز لەقەڵەمدانی و بەکارهێنانی زمانێکی شەرمێونانە و خۆکەمبینییەکەی نەتەوەیی لە حاند نەتەوەی فەرمانڕەوا، نکۆڵیکردن لە بوونی کیانێکی سەربەخۆی نەتەوەیی، لە زومرەی تایبەتمەندییەکانی کاکڵ و نێوەرۆکی بەشی فارسیی ئەم مێدیایەیە.

بەرنامەکانی ئەم بەشەی تیشك تیڤی بە زۆری و بە دانستە تەوەرەی باسەکانی وا بۆ دەسنیشان دەکرێ لەسەر حیسابی کپکردنی ناسنامەی کورد بوون و خۆ بە کورد زانین، ئێرانی بوونی کورد وەك ناسنامەی نەتەوەیی لە پرۆسەیەکدا بەرە بەرە بە خشکەیی باڵ بەسەر بیر و ئیرادەی نەتەوەیی مرۆڤی کورددا بکێشێ. لەم بەرنامانەدا، خەریکە بە خشکەیی ئێرانی بوونی کورد وەك "ئامانج" و "ئیدئال"ێکی هەرە بەرزی مرۆڤی کورد کار بۆ جێخستنی دەکرێ. ئەوەندەی لەو ماوەیەدا باسەکانی پێوەندیدار بە ئێرانیبوونی کورد ورووژێندراوە، چ باسێکی ئەوتۆ لە گوتاری

نەتەوەخوازیی کورد نەهاتۆتە ئاراوە. بە گوێرەی دیتنی ئەو بەرنامانە، جیاوازیخوازی واتە بوونی کیانێکی سەربەخۆی کوردی، بەزاندنی هێڵی سوور و تاوانە، کورد قەت نەیویستووە لە ئێران جیا بێتەوە، و ئەگەر کۆماریشی دامەزراندووە، کۆمەڵە داخوازێکی کولتووری و زمانی بووە و بەش.

بەمەبەستی خۆهاوشێوەکردن لە تەك رێچکە جۆراوجۆرەکانی سەر بە ماڵباتی بیری پانئێرانیستی لە ئێران، چەواشەکردن و بەراوەژوو نیشاندانی مێژووی خەباتی گەلی کورد دەبێ بە جۆرێك لە جۆرەکان بخرێتە ناو چوارچێوەی کار و تێکۆشانی ئەو مێدیایەوە. لەو نێوەدا بەوپەڕی هەستیاری و پەرۆشەوە هەوڵ دەدرێ بە جۆرێك لە مێژووی کورد نەدوێن کە کورد لە یەکێك لە قۆناغەکانی ژیانی خەباتکارانەیدا ویستبێتی سنوورەکانی "ئێرانی ئازیز"ی بەزاندبێ. لەم خەتە چەواشەگەرانەیەدا بیری دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی، بێپسانەوە و بەبێ نێوەبڕ بە ناوی "تەجزیەتەڵەبی" دەدرێتە بەر پەلامار و هێرش بردنەسەر. تەجزیەتەڵەبییش بە گوێرەی ئەو دید و بۆچوون و راوێژی دەربڕینە تا دڵ دەخوازێ بەوێنەی دیاردەیەکی دەمارگرژانەی ناسیۆنالیستی هەڵسوکەوتی لە تەکدا دەکرێ.

لایەنێکی دیکەی بیری پانێرانیستیی ئەم تەبلیغاتە، تەنیا بە دیفاعی بێئەملاوئەولا لە تەواوەتیی ئەرزیی ئێران کۆتایی پێ نایە، بەڵکو تا ئەو جێگایەی بۆی دەکرێ لە هەوڵی ئەوەدایە تەواوەتیی ئەرزیی ئێران بە دیاردەیەکی "پیرۆز" و "نەگۆڕ" و "خەوشهەڵنەگر" لە قەڵەم بدات. لە درێژەی ئەو خەتەدا تەنانەت حاشاش لە بوونی دیاردەیەك بە ناوی شۆوێنسمی فارس لە ئێراندا بەبێ ترس و دوودڵی دەدرێتە دواوە و لە بەرنامەکانیدا بە توندی بەدژی بەکارهێنانی واتاگەلێکی وەك شۆوێنیسمی فارس دەوەستێتەوە.

گەڕان بە ناو ئێرانی باستان بە مەبەستی دۆزینەوەی خاڵۆزا و برازای کۆن بۆ کورد بەشێکی دیکە لە بەرنامەکانی تیشك تیڤییە. بەگوێرەی لایەنگرانی تیئۆریی ئێرانی باستان، کورد تۆرەمەیەکی هەرە کۆنی ئێرانە و زۆر جاریش وەك تۆرەمەی خاوەن ماڵ قسەی لەسەر دەکرێ کە هەمیشە پارێزگاریی لە خاك و نیشتمانی "ئێرانی ئازیز" کردووە و قەت لە "وڵاتی گوڵ و بولبول"دا کێشەیەکی نەبووە. بەمەبەستی هێشتنەوەی هەمیشەیی باندەستیی پانفارسیسم، دانیشتووانی ئەو وڵاتە بریتی لە کۆمەڵە نەتەوەیەکی سەربەخۆ و جیالەیەك نین لە ئێراندا و شتێك بە ناوی نەتەوەکان بوونی نییە. ئەوەی هەیە کۆمەڵێك "تیرە"ی جیاوازە. هەربۆیە لێرەوە بەو ئاکامە دەگا کە هیچ نەتەوەیەك نابێ خۆ لە قەرەی کێشەی ناسیۆناڵی تایبەت بە خۆی بدا. ئەم بیرە بۆ یەکەمجار لە پاییزی ساڵی١٣٢٦ لەلایەن موحسێنی پزیشکپوورەوە بەناوی "پانئێرانیزم" هاتە ئاراوە و بانگی ئەوەی دا کە هەموو ئەوانەی خۆ بە ئێرانی دەزانن، هەر لە سەمەرقەندەوە بۆ بۆخارا و لە قەفقازەوە بۆ ئەفغانستان و کوردی پارچەکانی تری کوردستانیش بۆ یەکگرتن لە دەوری یەك کۆ بکاتەوە. واتە لێرەدا بە گوێرەی بیری پانئێرانیستی نکووڵی لە بوونی کورد و ئازەری و بەلووچ و ... ناکرێ. ئەوانە وەك تیرەگەلێك بە حیساب دەهێنرێن کە لە تێکڕای ئەوان نەتەوەی ئێرانی لێ پێ دروست دەبێ. هەر بەو پێیەش فەرهەنگی کوردەکان، فارسەکان و بەلووچ و ئازەری بە کولتووری گشتیی هەموو ئێران لە قەڵەم دەدرێن. بەڵام ئەو دانپێدانانە هیچ مافێکی سیاسی و حقووقی بۆ نەتەوەکانی تر بە رەسمی ناناسێ. واتە لێرەدا ناڵێ کورد نییە، بەلووچ نییە، ئازەری نییە. ئەمانە هەن، بەڵام وەك تیرە نەك نەتەوە. هەموو هەوڵەکەشی بۆ ئەوەیە نەهێڵێ نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران کێشەکەیان وەک نەتەوە بە بوونی

دەسەڵاتێکی نەتەوەیی خۆیانەوە گرێ بدەن. لە هەمبەر مەسەلەی زمانیش، پانئێرانیستەکان هەر خوازیاری سەردەست مانەوەی زمانی فارسین. زمانەکانی تر وەک دیاردەیەکی کولتووری و ناوچەیی بەبێ هیچ لەبەرچاوگرتنی مافێکی سیاسی دەمێننەوە. بە کورتی بڵێین ئەم دەڵەتە ناسیۆناڵەی ئەوان هەوڵی بۆ دەدەن، هەر هەمان دەوڵەتی فارسی ئێستایە کە دەتوانێ زۆر زیاتر لە ئێستا دۆزی نەتەوەکان لە ئێران بەرەو گرفت بەرێ.

لە دوای نەمانی ڕێژیمی سەڵتەنەتی هێندێك ڕێچکەی سەر بەو بنەماڵە فیکرییە، بۆ بووژانەوەی سەرلەنوێیان ڕێگایەکی ژیرانەیان دۆزییەوە! لەگەڵ ئەوەی بنەما فیکرییەکانیان (کە لەڕاستیدا نوێنگەی دیفاع لە شۆوێنیسمی فارسە) هەروا بەدەست لێنەدراوی ماونەتەوە، باس لە جۆرێك کەمکرانەوەی ئیختیاراتی ناوەند دەکەن. ئەویش نەک لەسەر بناخەی دانپێدانان بە هەویەتی هەرێمگەلێکی نەتەوەیی. بەڵکو بۆ کەمکردنەوەی هێندێك سەرقاڵی لە ناوەند. ئەوە لەڕاستیدا هۆکاری هەموو ئەو شاگەشکەبوونەیە کە لە چەند ساڵ لەمەوبەرەوە ژمارەیەك لە بەرپرسانی حیزبی دێموکڕات و دواتر تیشك تیڤی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە. لەو نێوەدا ڕەنگە ئەگەری هاتنەسەرکای شاپەرەستەکان و پانئێرانیستەکان لەپێوەندی لەگەڵ نزیکییان لە دەوڵەتی ئەمریکا پاڵپێوەنەرێکی دیکە بێ بۆ چاوبڕکێی نێوان تیشك و ئەم لایەنانە.

لەژێر کارتێکەریی ئەم خوێندنەوەیەدا تیشك تیڤییش لە گەشتەکانیدا زۆر جار مرۆڤی کورد و بینەرانی دەباتەوە بۆ "ڕۆژگاری شکۆ و عەزەمەت"ی ئێرانی باستان و دەوڵەتی مادەکان و مەزنیی کورشی کەبیر و ئایینی زەرتشتی و گەشتی ڕیچ و بوونی ناوگەلێکی وەك پەروێزناو لەنێو کورددا وەبیر دێنێتەوە و بەگوێیدا دەسرکێنێ : "تۆ ئێرانیی و خاوەنماڵی ڕاستەقینەی. بۆ هەر کەس بێ بۆ تۆ نییە بیر لە بوون و کیانی نەتەوەیی خۆت بکەیەوە". ئاکامێکیش کە لەو خوێندنەوەیە دێتە دی کارکردن لەسەر جیاوازی و بەرهەمهێنانی شوناسێکی سەربەخۆی کوردی نییە. بەڵکو، هەوڵدانێکە بۆ لێکچوونێکی پتر لە تەک نەتەوەی فەرمانڕەوادا. لە جێگای ئەوەی گوتاری نەتەوەخوازیی کورد لە خانی، لە حاجی قادری کۆیی، و لە هزر و بیری پێشەوا بەدی بکات و هەوڵ بدات بە پشتبەستن بەوان لە گوتاری نەتەوەخوازی بدوێ، زەرتشتی بوون و ئارییایی بوونی ڕەچەڵەکی کورد لە ئێرانی باستان بە بنەمای گوتاری فیکریی خۆی وەردەگرێ. بە کورتی بڵێین دروستکردنی ترس و وەسواس و دڵەڕاوکێ بۆ ئینتمای نەتەوەیی مرۆڤی کورد بۆتە بەشێکی سەرەکی لە کار و چالاکیی تیشك تیڤی لەو ماوەیەدا. لەم جەغزەدا ئێرانیبوونی کورد تۆقێکی گەردەملە و مرۆڤی کورد بۆی نییە لە دەرەوەی ئەو سنوورە باس لە خەون و بوونی نەتەوەیی و دیاریکردنی دوارۆژی ژیانی سیاسیی خۆی بکات.

لەم چەواشەگەرییەدا گوتاری نەتەوەخوازیی کوردی بە نزمترین ئاست و پلە دادەبەزێندرێ. دیفاعکردنی هەر پانئێرانیستێك بۆ جۆرێك لە جۆرەکانی ناناوەندیکردنی دەسەڵات لە ئێران(کە دیارە لە ڕوانگەی وانەوە تەنیا دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی ئیختیاراتێکی ڕواڵەتییە) دەتوانێ بە باشترین شێوەی مومکین ئەم مێدیایە وە چەقلەسەما بێنێ. دەنگ و ڕەنگی تیشك تیڤی لە جێگای لەقاودانی دەسەڵاتی داگیرکەرانەی نەتەوەی فەرمانڕەوا لە کوردستان تەنیا نەچۆتە خانەی هەڵبژاردنی قاوغێکی خۆرێکخەرانە و خۆپارێزەرانەوە، بەڵکو بۆتە هەڵگری تەبلیغاتێکی بەتەواوی خاپێنەر و چەواشەگەریش. خاپێنەر و چەواشەگەرە، لەبەر ئەوەی هەقیقەتی دۆزی کورد وەك ئەوەی خۆی کە هەیە، نەك وەك ئەوەی چەند پانئێرانیستێك قبووڵی دەکەن، لەبەر چاوی بینەرانی و مرۆڤی کورد بزر دەکا. بە هیچ جۆرێك باسێك لە داگیرکراوی و لکاندنی

زۆرەملیی کوردستان ناهێنێتە گۆڕێ. باس لە ئێرانی بوونی کورد دەکا، بەڵام ناڵێ لەگەڵ هاتنەسەر کاری رەزاخان و بنیاتنانی مۆدێلی دەوڵەت-نەتەوە لە ئێران ئیتنیسیتەی فارس بۆتە هۆییەی زاڵ لە دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا و ئێرانیبوون بە مانای فارسبوونە. یاخۆ بۆوێنە کاتێك باسێك لە گرینگترین وەرچەرخانی مێژوویی کورد واتە کۆمار دەکرێ، تا ئەو جێگایەی دەتوانن هەوڵ دەدەن ئەو مێژووە بە جۆرێك باس بکەن کە بە زاری شۆوێنیزمی مەزنیخوازانەی نەتەوەی فارس و پانئێرانیستەکان تاڵ نەبێ. بەگوێرەی دیتنی ئەوان، کورد بۆیە کۆماری بینات نەنا کە ماڵێکی سیاسی بۆ خۆی چێ بکا، بەڵکو هەوڵێك بوو بۆ دێموکراتیزە کردنی ئێران و هێنانەسەر کاری حوکمێکی دێموکراتی لە ئێراندا. ئەم هەوڵانەی تیشك تیڤی وەبیرخەرەوەی هەوڵەکانی رەشیدی یاسەمی‌یە. یاخۆ رەنگە باشتر بێ بڵێین دۆکترینی ئەم تەبلیغاتە شتێکە لە چەشنی بیروڕاکانی رەشیدی یاسەمی کە قوتابی مەحمودی ئەفشار بوو. یاسەمی بە نووسینی کتێبی "کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او"، گشت وزە و توانای فیکریی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کرد بڵێ: کورد نەتەوەیەکی سەربەجۆ نییە و زمانی کوردی دیالێکتیکی زمانی فارسییە، هەمیشە خۆی بە ئێرانی زانیوە و قەت لە بیری ئەوەدا نەبووە خاوەن کیانێك و دەسەڵاتێکی سەربەخۆ بێ.

لەنێوان گوتاری یاسەمی و گەرا وکەڵکەڵەی ئێرانچێتیی تیشك تیڤی خزمایەتییەکی بەهێز دەبیندرێ. هەردوو گوتار لەڕاستیدا سەر بە ماڵبات و بنەماڵەیەکی فیکریین. دیفاعکردن لە تەواوەتیی ئەرزیی ئێران، زەقکردنەوەی رەچەڵەکی ئارییایی بوونی کورد، خەوشەدار نەبوونی سنوورەکانی، شەرعییەتدان بە سەروەریی داگیرکەرانەی دەوڵەتی داگیرکەر لە کوردستان و دانپێدانەنان بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ کورد، رەهەندە هاوبەشەکانی ئەو دوو گوتارەن. گوتنی ئەوە کە کوردەکان دامەزرێنەری یەکەم دەوڵەتی پادشایی لە ئێران بوون، ئەمە تەنیا بۆ ناو هەقایەتی چیرۆکە مێژووییەکان بەکار دێ و بەس. کوردستان دابەش کراوە. دەکرا لەو دابەشکردنەشیدا ئەم پارچەیە لە کوردستان بە داگیرکەرێکی دیکەی کوردستان بلکێندرابا. جەختکردن لەسەر هۆویەتی ئێرانی بوونی کورد مەسەلە و گرفتی کورد نییە. گرفتی کورد نەبوونی ماڵێکی سیاسییە. ئەگەر قبووڵمان بێ کە مەسەلەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان مەسەلەی نەبوونی دەسەڵاتێکی نەتەوەیییە، تۆ بڵێی شۆڕبوونەوە بۆ ناو قووڵاییەکانی مێژووی ئێرانی باستان بتوانێ نەخشێکی یارمەتیدەری هەبێ؟ تۆ بڵێی "کەتیبەکانی تاقوەسان " و "پەرویزناوی گەشتەکەی ریچ " بەیانێکی فەلسەفی بۆ نەتەوەخوازیی کورد بەرهەم بێنێ؟ یا بەپێچەوانە گرێدانی هەتاهەتایی کورد بە ئێرانەوەی لێ بەدەست دێ؟

بزاڤی رزگاریخوازانەی کورد لە جێگای بڕینی ئەم کوێرەڕێیە دەتوانێ چارەسەری دۆزەکەی خۆی لە کەیسێکی ئەوروپییتردا بێنێتەگۆڕێ، ئەوەش لە چوارچێوەی کۆنسێپتی مافی دیاریکردنی چارەنووسدا کە لەودا کورد بتوانێ خوازیارانە لەسەر چۆنیەتیی دواڕۆژی خۆی بڕیار بدات. ئێرانیبوونی کورد، ناسنامەیەکی ساختە و بەزۆر داسەپاوە. لەژێر ئەو ناوەدا دەیان ساڵە بۆ بەفارس کردنی کورد و نکۆڵی کردن لە بوونی وەك نەتەوەیەك خراوەتە ژێر فشار و داپڵۆسینەوە. ئەو ناوە دەمامکێکی فریودەرانە بووە بۆ ئەوەی کورد بۆ هەمیشە لە بوونی ماڵێکی سەربەخۆی نەتەوەیی بێبەری بکرێ.

قسەکردن لە کورد و فارس، قسە کردن لە دوو خالۆزا و پوورزا نییە. قسەکردنە لەسەر دوو نەتەوەی جیاواز. ئەم دوو نەتەوەیەش لە دوو روانگەی نەتەوەخوازیی دژبەرەوە لە پێوەندییەکانیان دەڕوانن. یەکیان هەتا بووە بۆ مل پێکەچکردن و بۆ ئاسیمیلەکردنی ئەویتر

هەوڵی داوە. بەدرێژایی مێژووی تەمەنی، گوتاری ئەم نەتەوەخوازییە هەڵگری نێوەرۆکێکی داپڵۆسێنەرانە و داگیرکەرانە بووە. دەزگای دەوڵەت و حوکمڕانی و سەروەریی وڵات بە دەیان ساڵە نوێنەری پاراستن و سەردەست مانەوەی ئەم نەتەوەخوازییەیە. ئەم نەتەوەخوازییە، نەتەوەخوازییەکی دەوڵەتییە. ئیتنیسیتەی فارس و هۆویەتی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران تەواوکەری یەکترین. هەوڵدان بۆ لێکجیاکردنەوەی ئەم دووانە هەڕەشەکردن لە سەروەری و تەواوەتیی ئەرزیی ئێرانە. لەو رووەوە کەس ناتوانێ حاشا لە پانفارسیزم و شۆوێنیزمی نەتەوەی فەرمانڕەوا لە ئێراندا بکا. کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان سەختترین و تاڵترین تاقیکردنەوەی بووە لەگەڵ کولتور و گوتاری ئەم نەتەوەخوازییە. ئەم ئەزموونە تاڵە تەنیا بەرۆکی دەوڵەتەکان ناگرێتەوە، نوخبە و ئێلیتی ئەو نەتەوەخوازییەش تەنانەت لەو کاتەدا کە لە ئۆپۆزیسیۆنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆشیاندا بوون لە هەیمەنە و باندەستیی ئیتنیسیتەی فارس دیفاع و بەرگرییان کردووە. تایبەتمەندیی هەرە بەرچاوی توێژی رووناکبیر و نوخبەی ئەو نەتەوەخوازییە بەپێچەوانەی ئەوە کە لەلای رووناکبیر و هێندێك لایەنی سیاسیی کورد بەدی دەکرێ، هەستی متمانە بە خۆ بوون و رەتکردنەوەی هەر چەشنە خۆکەمبینییەکی نەتەوەییە. هەبوونی دەزگای دەوڵەت لە پەروەردەکردنی ئەو متمانە بەخۆبوونە رۆڵێکی گرینگی گێڕاوە. ئەوان لە قاڵبی هەر بیرێکی سیاسی و فیکریدا بووبێتن، لە رێگای بەخۆماڵیکردنی چەمکەکان و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیان بۆ بەکۆیلە هێشتنەوەی نەتەوەکانی تر هەمیشە توانیوایانە بەگوێرەی کات و سەردەم تیئۆرییەکی خاپێنەرانە بێننە بەرهەم.

رۆژێك دەمانگێڕنەوە بۆ مێژووی ئێرانی باستان و بۆ هێشتنەوەی نیری کۆیلەتیمان، رەچەڵەکی هاوبەشمان بیر دەخەنەوە. رۆژێکی تر تێزی دواکەتوویی ئابووری و نەبوونی پیشەسازیی وڵاتەکەمان بە چاو دادەنەوە بۆ ئەوەی کورد باس لە بەدەوڵەت بوونی خۆی نەکات. لە سەردەمی زاڵبوونی دیسکۆرسی مارکسیست-لێنینیستیشدا کیانێکی سەربەخۆی کوردی بە هەوڵدان بۆ لەتکردنی ریزەکانی چینی کرێکار دەدرایە قەڵەم. لەسەردەمی گلۆبالیزم و بەجیهانیبوونیش کۆن بوونی تەمەن و کاتی تیئۆریی دەوڵەتی نەتەوەیی دەکەنە بیانوو. بە کورتی بڵێین ئەو نەتەوەخوازییە ئاگا بە قازانج و بەرژەوەندییەکانییەتی. هێڵی سووری بەرژەوەندییەکانی خۆی بە باشی دەناسێت. لەگەڵ ئەوەی تۆسقاڵێك رەوایەتی لە روانینی بە نەتەوەکانی تر تێدا بەدی ناکرێ، کەچی بەبێ هیچ زمانگرتن و ترس و لەرزێکی سیاسی بۆ بەکۆیلە هێشتنەوەی نەتەوەکانی تر دەتوانێ بدوێ.

نەتەوەخوازیی دووهەم نەتەوەخوازیی کوردی بێدەوڵەتە. سروشت و نێوەرۆکی ئەو نەتەوەخوازییە لە نوختە بەرامبەری نەتەوەخوازیی فارسە. واتە نە تەمای داگیرکردن و بەکۆیلەکردنی نەتەوەیەکی تری هەیە و نە حاشا لە بوونی نەتەوەیی کەس دەکا. خەون و فانتازیای هەرە بەرزی ئەو نەتەوەخوازییە چێکردنی ماڵێکە لە نیشتمانەکەی. لە رۆژهەڵاتی کوردستان رەوتی نەتەوەخوازیی کوردی لەدوای کۆماری کوردستانەوە کەوتۆتە خانەی پاشەکشە و دیفاعییەوە. لەو نێوەدا جیهانی دووجەمسەری و بەهێزبوونی دیسکۆرسی مارکسیستی لەنێو بزوتنەوەی کورد هۆکارێکی گەورە بوو بۆ نەبوونی ستراتیژییەکی روونی نەتەوەیی. ئەم نەتەوەخوازییە بەدرێژایی هەموو ئەو ساڵانە ئەوەندە چاوترسێن کراوە کە تەنانەت ئێستاش باوەڕ ناکا و زۆر جار لەبیری دەچێتەوە کە جیهانی دووجەمسەری نەماوە، خوێندنەوەی بیری مارکسیستی لە کوردستان بە چۆکدا هاتووە و بەپێچەوانەی جارانی لە هەوڵی ڕفاندنی ئاڵای نەتەوەخوازی بۆ خۆیەتی. گوتاری نەتەوەخوازیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەجێگای ئەوەی

هەوڵ بدا بیری کوردبوون و کوردستانی بوون لەنێو ئەندامانی نەتەوەکەیدا بەهێز بکا، هەموو سەرقاڵییەکانی ئەوەیە بەئێرانی قەبووڵ بکرێ و بۆ راگرتنی دڵی ئێرانییەکان تەنانەت لەسەر هەڵگرتنی ئاڵای کورستانیش گەورەترین کێشەی لەگەڵ خۆی هەیە. بەڵام گرفتی ئەم رەوتە هەر بەوەندە قوتار نابێ. هەوڵدان بۆ لێکترازاندنی هۆویەتی یەکگرتووی کورد و گچکەکردنەوەی ئینتمای نەتەوەیی بۆ کوردبوون و بۆ بەدەوڵەتبوون لە بەرامبەر هێندێك تایبەتمەندێتیی ناوچەویی لە گرفتەکانی سەر رێگای ئەم رەوتەیە.

نەتەوەخوازی سروودێکی گشتی و خەونێکی بەکۆمەڵی ئەندامانی نەتەوەیە. ئەم گوتارە لە رەوتی نەتەوەخوازیی هەموو بزاڤێکی نەتەوەدا هەوڵ دەدا بە مەبەستی هۆویەتێکی یەکگرتوو کار لەسەر پێکهێنانی جۆرە یەکیەتییەکی رووحی و فیکری و ئنیتمایەکی گشتی و هاوبەش بکا. کەچی لە تیشك تیڤیدا راست بەپێچەوانە بۆ لە گرێژەنەبردنی هۆویەتی یەکگرتووی کورد و دوورخستنەوەی ئەندامانی نەتەوە لە یەکتر هەوڵ دەدرێ. فانتازیا و خولیای بەدەوڵەتبوونی کورد و یەکخستنی بیری ناسیۆنالیستیی کوردی بە ئاسانی جێگای خۆیان دەدەن بە سەرقاڵی بۆ زەقکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی لۆکاڵی و پارچە پارچەکردنی پێوەندیدارەتیی کوردی. بەکارهێنانی "زمانی کرماشانی " یاخۆ "زمانی هەورامی" لە جێگای زاراوە و هەوڵدان بۆ دانی هۆویەتێکی دیکەی سیاسی بۆ ئەو تایبەتمەندییانە، سەرەنجام دروستکردنی دەسەڵاتێکی جیاوازی لۆکاڵی لە دەسەڵاتی کوردی لە داهاتوودا وێنەیەکە لەو ڕاستییە.

لە هەمبەر ئەو وەزعەی باسی لێوە کرا و بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکانی ئەو مەسەلەیە قسە لە سێ بۆچوون دەکرێ. بۆچوونی یەکەم لای وایە بۆ بەڕێوەبەریی بەرنامەکانی تیشك هیچ کۆنسێپتێك لە ئارادا نییە. هەر لەو ڕووەوە پێی وایە ئەم رەوتە پانئێرانیستییە لەبەر نەبوونی خەتێکی روونی سیاسی لەو مێدیایەدا شتێکی هەڵکەوت و بەڕێکەوتە. بۆچوونی دووهەم بەرپرسیارێتیی ئەو وەزعە دەخاتە ئەستۆی بەڕێوەبەریی ئێستای تیشك تیڤی و پێی وایە بەرنامەکانی تیشك رەنگدانەوەی بیری ئەو بازنە چەند کەسییەیە و پێوەندی بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە نییە. پاساوی ئەم بۆچوونە دوو کەرتبوونی حیزبی دێموکڕات و گرفتەکانی نێوخۆیی بە هۆکارێك دەزانێ بۆ ئەوەی رێبەرایەتیی ئەو کەرتە لە حیزب تا ئێستا نەیتوانیوە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بۆ چارەسەکردنی بدا. بۆچوونی سێهەم ئەو خەتە بەدرێژەی هەمان کەڵکەڵەی سیاسی دەزانێ کە ئیمزا کردنی قەومبوونی نەتەوەی کوردی لەگەڵ پانئێرانیستەکان لێ کەوتەوە. هەربۆیە پێی وایە ئەمە خەتێکی داڕێژراوی فارساوییە و پێوەندیی بە بیری تاکەکانی ئەو مێدیایەوە نییە. بۆیە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بەڕێوەبەریی تیشك تیڤی و رێبەرایەتیی ئەو حیزبە لە کۆیە تەواوکەری یەکترین بۆ بردنە پێشی ئەو جۆرە سیاسەتە.

لەڕاستیدا ئەو بۆچوونانە زۆرتر دەتوانن گرێمانەی ئەو کەسانە بن کە لە نزیکەوە لە بەستێنی کار و تێکۆشانی ئەو حیزبەدان و تێکەڵاوی تەواویان بە مەسەلە نێوخۆییەکانییەوە هەیە. بۆ کەسێکی کە لە دەرەوەی ئەو حیزبە لە کاکڵ و نێوەرۆکی بەرنامەکانی تیشك دەڕوانێ لەسەر ئەو بۆچوونانە ناتوانێ بە دڵنیاییەوە قەزاوەت بکا. بەڵام محەکی ئەوەڵ و ئاخیری هەر مێدیایەك ئەو بەرهەمەیە کە پێشکەشی کۆمەڵانی خەڵکی دەکات و ریشەی راستەقینەی شتەکان هەرچییەك بن، ئەوە کە خەڵك لە مێدیایەکدا دەیبینێ یا دەیبیسێ فاکتای ئاراستەی سیاسی و فیکریی ئەو مێدیایەن. هەربۆیە بۆ بینەران پێوانەی سەرەکی دەتوانێ لەسەر ئەو پەیامانە رابوەستێ کە بەهۆی سیگناڵەکانی ئەو مێدیایەوە وەری دەگرێ. ئەو پەیامانەش کە تیشك تیڤی

تەحویلی مرۆڤی کورد و بینەرانی دەدا هیچ خێرێکی بۆ بیری نەتەوەیی کورد تێدا نییە. چونکە بە پەرەپێدانی بیری ئێرانچێتی و زایەڵە بەخشین بەو بۆچوونە شۆڤێنیستییە کە مەسەلەی کورد لە ئێران لەگەڵ مەسەلەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان جیاوازە، زەربەی گەورە لە رووحی نەتەوەیی کورد و نەتەوەخوازیی یەکگرتووی کوردی دەدا. مێژووی رابردووی پێوەندییەکانی کورد لەگەڵ نەتەوەی فارس و نەتەوەکانی دراوسێ، یان رۆڵی حیزبە کوردییەکان لەنێو هاوکێشە سیاسییەکانی ئەمرۆ و سبەی ئەو وڵاتانەدا کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە هەرچییەك بن، بوون بە پاشکۆی نەتەوەخوازیی فارسەکان کە لە قالبی ئێرانچێتیدا خۆ دەنوێنێ نەك هەر بە زەرەی کوردی رۆژهەڵات، بەڵکوو بۆ سەرجەم ناسیۆنالیزمی کوردیش زیانبەخشە. هەربۆیە پێویستە ئەو دووالیتە نەتەوەخوازییەی لەنێوان کورد و تورك لە تورکیا یان کورد و عەرەب لە عیراق و سووریا هەیە، لەنێوان کوردی رۆژهەڵات و نەتەوەی فارس لە ئێرانیشدا جێگیر ببێ.